# فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە هێشتنەوەی ڕیش

پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( جزوا الشوارب و أرخوا اللحی خالفوا المجوس ) رواه مسلم واتە : ( سمێڵەکانتان ببڕن و کورتی بکەنەوە وە ڕیشتان بهێڵنەوە موخالەفەی =پێچەوانەی= مەجوس =ئاگر پەرستەکان= بکەن ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( خالفوا المشركین أحفوا الشوارب وأوفوا اللحی ) متفق علیه واتە : ( موخالەفەی =پێچەوانەی= موشریکەکان بکەن سمێڵەکانتان کورت بکەنەوە وە ڕیشتان بهێڵنەوە ) .

**لە سوودەکانی ئەم دوو فەرموودە**

1- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی الە وسلم فەرمانی پێکردوین بەوەی سمێڵمان کورت بکەینەوە .

2- وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێکردوین بەوەی کە ڕیشمان بهێڵینەوە و نەیتاشین .

3- وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم نەهی لێ کردوین خۆمان بە موشریکەکان یان ئاگر پەرستان بچوێنین لەوەی کە سمێڵمان درێژ بێ وە ڕیشمان تاشاو بێ .

وەکو دەرکەوت کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێ کردوین بەوەی ڕیشمان بێڵینەوە ، وە فەرمانیش مانای ئەوە ئەگەیەنێ کە واجبە ئیللا لە کاتێك نەبێ کە لە فەرموودەیەکی تر هاتبێ ڕێگای پێ دابێ ، بەڵام لێرە هەم فەرمانمان پێ کراوەو هەم پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ڕیشی هێشتۆتەوەو هاوەڵەکانیش ڕەزای خوایان لێ بێ هەمووی ڕیشیان هێشتۆتەوە قەت ڕێگا نەدراوەو قەتیش ڕیشیان نەتاشیوە ، یانی هیچ بەڵگەیەك نیە تا کەسێ بتوانێ بیکاتە بەڵگەی ئەوەی کە ڕیش هێشتنەوە واجب نیە ! بەڵام ئەگەر واجبیش نەبوا خۆ هەر وەك سوننەتێك ئەمایەوە ! موسڵمانیش لایەق نیە کە واز بێنێ لە سوننەت چ جای کە واجبیش بێ ! بە تایبەتی کەسێك بانگەشەی ئەوە بکا کە بانگەواز بۆ ئیسلام ئەکا چۆن شەرم ناکا ڕیشی نەبێ !؟.

**باوکی حارث**